بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاواننـاسـی



**م.ی توانا عثمان محمدامین**

**قۆنـاغی سێیەم – کۆمەڵنـاسی**

twanaosman357@Gmail.com

**Mobile :07504859088**


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
COMES
SCHOOLS
THINGS
ORDER
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
INDIVIDUAL
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
MAY
SOCIAL
PERSON
GENERATIONS
HEDONISTIC
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE

**تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بۆ شیکردنەوەی تاوان Sociological Criminal Theory**
(هۆکارەکانی تاوان)

- کۆمەڵناسان پێیانوایە؛ تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.
- پەیوەندی تەنها بەلایەنی بایۆلۆژی و دەروونی تاکەوە نییە.
- پێیانوایە؛ تیۆرە دەرونی و بایۆلۆژییەکان بەتەنها ناتوانن دیاردەی تاوان شیبکەنەوە.
- کۆمەڵناسان بە قوتابخانە و تیۆرە جیاوازەکانییەوە هەوڵی شیکردنەوە و خستنەرووی هۆکارەکانی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییەی داوە.

- قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات، کە تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ بە واتایەکیتر، کۆمەڵگا ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی تاک بەرەو تاوان و گوناە.

- گەر بڕوانینە سوورەتی نووح لە ئایەتی : (وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا (26) إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ **يُضِلُّوا عِبَادَكَ** وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا) (27).

- پەیامبەر نووح، داوا لە خوای گەورە دەکات کە قەومەکەی لەناو بەرێت؛ چونکە قەومەکەی (کۆمەڵگاکەی)، جگە لەوەی خۆیان تاوانبار و خراپە کارن، تاکەکانیتریش بەرەو خراپە و تاوان دەبەن.

- لە لایەکی تریشەوە دەڵێت کەسیان لێ نابێت(واتە نەوەی تازە) مەگەر خراپەکار و تاوانبار نەبێت.

- واتە لە لایەک کۆمەڵگاکەی هۆکارێکە بۆ ئەوەی تاکەکان بەرەو خراپەکاری ببەن؛ لەلایەکی ترەوە نەوەی نوێی ئەو کۆمەڵگایانە کە لە دایک دەبن لە ڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی کردنەوە بەرەو تاوان ئاراستە دەکرێن.

**تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بۆ شیکردنەوەی تاوان:**

**یەکەم: ئۆگست کۆنت**

- یەکێکە لەو بیرمەندانەی لە میانەی نوسینەکانیدا باسی لە تاوان و هۆکارەکانی کردووە، کۆنت دەڵێت: لەناخی مرۆڤدا دوو مەیل هەیە کە بریتین لە:

1. مەیلی خۆخوازی.
2. مەیلی ئەویترخوازی.

- بەرهەمی یەکەم غەریزە و مانەوەیە؛ بەڵام بەرهەمی ئەویترخوازی سۆز و هاوسەرگیرییە.



- بەهۆی ئەویترخوازییەوە (خێزان، هاوکاری، هەماهەنگی، ئاشتی.....) دروست دەبێت.

- کەواتا؛ دروستبونی کۆمەڵگە بەرهەمی ئەویترخوازییە، چونکە مرۆڤ خواست و غەریزەکانی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و ئەقڵی زاڵ دەکات بەسەر خۆویستی.





- ئەگەر مرۆڤ مەیلی خۆخوازی زاڵ بکات بەسەر مەیلی ئەویتر خوازی دەبێتە تاوانکار.
- ئەمەش نزیکە لە هزری فرۆیدەوە کە پێیوایە کاتێك مرۆڤ تاوان دەکات(ئەو) ئێد، زاڵ دەبێت بەسەر (منی باڵا)، سوپەرئیگۆ.
- بەمەش کۆمەڵگە بەهۆی تاوانەوە لەبەریەك هەڵدەوەشێت.
- ئەخلاق بریتییە لە ڕەفتارێکی ئەویترخوازی بۆ  پاراستنی تاکەکانیتر.
- کۆنت پێیوایە دەبێت مەیلی خۆخوازی(سنوردار بکرێت، کۆنترۆڵ بکرێت، پەروەردە بکرێت، ئەقڵی بەسەردا بەهێز بکرێت ....).

- گەر بڕوانین قورئان زۆر وردتر باسی لە هۆکاری تاوانی لەسەر ئاستی تاک کردووە.
- دەفەرموێت ( وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا (٧) فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا (٨) قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا (٩) وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا (١٠) كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا (١١).
- قورئان زۆر بە وردی هۆکاری تاوانی لەسەر ئاستی تاک دیاری کردووە.
- ئەوەی ڕونکردووەتەوە کە دەروونی مرۆڤ لە دوو توخم پێک هاتووە.
- توخمی خۆویستی و خراپەکاری(مەیلی خۆخوازی).
- توخمی فەزیلەت و چاکەکاری(مەیلی ئەویترخوازی).

- ئاراستەکردنی دەروون بەرەو هەر یەک لەم توخمانە، کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی خودی کەسەکەوە.
- بەمەش کاتێک بەرەو ڕەگەزی فەزیلەت ئاڕاستەدەکرێت مرۆڤێکی تەندروست دەبێت دووردەبێت لە کاری تاوانکاری.
- بەڵام کاتێک بەرەو خۆویستی و خراپەکاری ئاراستە دەکرێت ئەو کات دەبێتە مرۆڤێکی تاوانکار.

- ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە، قورئان ئەم تایبەتمەندییە تاکە کەسییەی بەستۆتەوە بە کۆمەڵگا.

- واتە ئەم سیفەتە لە تاکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگا، کاتێک ئەو کەسانەی کە ڕەگەزی خراپەکاری لە دەروونیاندا زاڵە ڕێژەیان زۆر دەبێت، کۆمەڵگایەکی تاوانکار بەرهەمدێت.

- چونکە ڕاستەوخۆ لە ئایەتی پاش ئەوە هەر لەهەمان سوورەت، باسی کۆمەڵگای (ثمود)دەکات؛ کە کۆمەڵگایەکی یاخی و خراپەکار بوون و تاوانیان ئەنجام داوە.

- ئەمەش لە حاڵەتێکی زۆر ناوازەدا کاریگەری سیفەتە تاکە کەسییەکان لەسەر کۆمەڵگا دەخاتە ڕوو.

**دووەم: ئەمیل دۆرکهایم**

- دۆرکهایم؛ تاوان بە بەرهەمی **ئانۆمی(پێوەرنەمان)**، دەزانێت، ئانۆمی واتای لادانە لە بەهاکانی کۆمەڵگە، ڕەفتارێکە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو ناگرێت و ئامانجی گشتی نامێنێت.

- لە دۆخی ئانۆمیدا هەرکەس بۆخۆیەتی، بەڵام لە دۆخی ئاسایدا تاکەکانی کۆمەڵگە کۆویژدانیان هەیە؛ ئەمەش واتای ئەوەیە تاك (باوەڕی هاوبەش و هەستی هاوبەشی) هەیە لەگەڵ ئەوانیتر، ئەم دوانە ڕەفتاری تاك دیاری دەکەن کە دەبێت چی بکات و چی نەکات.

- لەکاتی دروست بونی ئانۆمی؛ کۆویژدان نامێنێت یان زۆر لاواز دەبێت، تاك بایەخ بە باوەڕ و هەستی گشت نادات، بۆیە لە کۆمەڵگا بیروباوەری هاوبەش، هەستی هاوبەش لاواز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئینتیما نەمێنێت لەو کۆمەڵگەیەدا، دواتر بەها و ئاین و یاسا و کەلتوری کۆمەڵگە پشتگوێ دەخرێت.

- ئەمەش ژمارەی تاوان و لادان و سەرپێچی زۆر دەکات.

- له دۆخی ئانۆمی، مرۆڤ توانای نییە خۆی بپارێزێت و تێرناخوات و زێدەخوازە، خۆی ناگرێت لەبەردەم غەریزە و چێژەکان، ئەخلاق ناتوانێت سنور بۆ غەریزە دانێت.
- بەڵام لە دۆخی ئاسایی، تاك سنور بۆ غەریزە و هەوەسەکانی دادەنێت، ناهێڵێت کاری هەڵە بکات.
- کاتێك هەوەس زاڵ دەبێت بەسەر ئەخلاق، بەلای تاکەوە گرنگ ئەوەیە هەیبێت، نەك چۆن دەیبێت.
- بەڵام لە دۆخی ئاسایی پێچەوانەیە، کە مرۆڤ سنور بۆ خۆویستی و زێدەخوازی خۆی دادەنێت.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئانۆمی لای دورکهایم:**

- بەلای دۆرکهایمەوە، دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ئانۆمی، یەکەم لەدەرەوەی تاك بۆ تاك دێت و خەتای کۆمەڵگەیە، بەڵام دووەم پەیوەندی بەناخ و دەرونی تاکەوەیە و لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگە دەچێت. هۆکارەکانی دروستبونی ئانۆمیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: گۆڕانی خێرای کۆمەڵگە.**

- لە ژیانی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێك نۆرم هەن کە بەهایەکی بەرزیان هەیە و شێوازی ڕەفتاری تاك دیاری دەکەن، کاتێك هەموان بەو شێوە ڕەفتار دەکەن کە کۆمەڵگە بۆی دیاری کردوون ئەوا یەکگرتوو دەبن و ڕێز و ئاسودەیی بڵاودەبێتەوە، بەها و یاسا و نەریتەکان ڕێزلێگیراون؛ زۆر بەکەمی تاك لێی لادەدات.

- **خێزان** لەم دۆخەدا دامەزراوەیەکی **بەهێز و جێگیرە**، خێزان دەست لە ئەندامەکانی بەرنادات، پێداویستی ئابوری ئەندامەکانیان دابیندەکات، خێزان چەندین ئەرکی لەسەر شانە بەرامبەر تاك و تاکیش لە بەرامبەردا پابەندی خێزانەکەی دەبێت

- بەڵام کاتێك **سەرمایەداری** سەرهەڵدەدات و ژیانی نەریتی بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ ژیان و بەهای سەرمایەداری، خێزان چەندین گۆڕانی بەسەردا دێت.

- وەك(کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ، کەم بونەوەی ژمارەی منداڵ لە خێزان، زۆربونی تەڵاق و لەشفرۆشی، کەم بونەوەی سۆز و بەزەیی، فرەدانی منداڵی ساوا، دروست بونی خانەی بەساڵاچوان و دەرکردنی پیرەکان لە ماڵ، گۆڕانی جل و بەرگی ژنان، دروست بونی کار دابەشکردن و پسپۆڕی، بەفەرمی بونی پەیوەندییەکان....).

- کاتێک ئەم **گۆڕانکارییە خێرایە** لە بەها و پێوەر و شێوازی ژیاندا ڕوو دەدات، ئەوا تاك ناتوانێـت خۆی بەو خێراییە بگۆڕێت و توشی سەرلێشێوان دەبێـت، نازانێت ئایا بە شێوازی ژیانی نوێ یان کۆن بژی، (خێزان، هاوسەرگیری، ئاینداری، یاسا، خۆشەویستی، خزمایەتی، ئەخلاق، بەها .......) **بەخێرایی دەگۆڕێت.**

- بەم گۆڕانە خێرایە؛ تاوان و لادان زۆر دەبن چونکە کۆمەڵگە شێواوە بەسەریەکدا، تاکەکان چیتر خاوەن ئامانج و بەرژەوەندی و باوەڕی هاوبەش نین و هەریەك بۆخۆی هەوڵ دەدات و سەوڵ لە بەلەمی خۆی دەدات.

- بۆیە دۆرکهایم وەك ئۆگست کۆنت، دژی **تاکگەراییە** چونکە مرۆڤی **تاك ڕەهەند** و خۆویست دروست دەکات.

- سەرباری ئەمانە؛ سەرمایەداری تاکگەرایی، دەبێتە هۆی ئەوەی تاك بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی گشتی؛ ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبونی **کۆیژدان** کە (ئامانج، باوەڕ، هەست)ی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگەیە.

- بۆ زیاتر تێگەیشتن و واقعیانەتر شیکردنەوە دەتوانین نموونە بە شێوازی ژیانی گوند و لەگەڵ شێوازی ژیانی شار بهێنینەوە.

**دووەم: تێرنەبونی ئارەزووە سەرکەش و زیادەخوازەکانی مرۆڤ.**
دورکهایم پێیوایە، **غەریزە تێر نابێت** و دەبێت سنوری بۆ دابنرێت، هەروەها ئەو یاسا و نۆرمانەی ڕێگرن لەبەردەم غەریزە دەبێت تازە بکرێنەوە، چونکە بەپێی سەردەم دەکەونە بەردەم هەڕەشەی لەناوچون.

غەریزە؛ مرۆڤی چاوبرسی دروست دەکات، مرۆڤ بونەوەرێکی زێدەخواز و خۆویستە؛ ئەوە **کەلتوری کۆمەڵگە و ئاین و یاسایە سنور بۆ ئەم غەریزە دادەنێت.**

سەرمایەداری؛ **ئەخلاقی ئابوری** دەخاتە شوێن **ئەخلاقی گشتی** و **یەکانگیری**، بۆیە دۆرکهایم دژی سەرمایەداری بوو، چونکە بە سەرچاوەی نەمانی **کۆویژدانی** دەزانێت. سەرمایەداری ڕەفتاری تاکگەرایی و دژە کۆمەڵی هەیە و ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێت.

بۆیە لە دۆخی سەرمایەداری ئانۆمی زۆرتر و خێراتر دروست دەبێت؛ چونکە تاك دەبێت پشت بکاتە کۆمەڵ و خۆی مەبەست بێت، ئەمەش ڕەگ و بناغەی دروست بونی ڕەفتاری تاوانکارییە.

**تاكگەرایی** و **ئازادی بێ سنور؛** گیانی **گشتی دەكوژن،** تاوان و لادان زۆر دەكەن، جۆرێك لە بەرەڵایی دروست دەكەن، هەرشتێك لە بەرژەوەندی تاك بێت دەبێتە ڕەفتار و دواجار ئەخلاق.

لەكاتی زاڵبونی بەهای سەرمایەداری و تاكگەرایی؛ بەگشتی پارە و مادده زاڵ دەبن بەسەر شتی نامادی، بۆیە نابێت تاك بێ سنور بێـت لە كۆمەڵگە چونكە بەهای ماددی زاڵ دەكات بەسەر بەهای مەعنەوی.

هەتا زیاتر ڕێگە بە خۆخوازی بدەین، ئەوا زیاتر كۆویژدان لاواز دەبێــت، یەكێتی كۆمەڵایەتی نامێنێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، هەتا پێوەر و بەها هەبن، سنوری تاك تۆختر و بەهێز تر دەبێت.

**بۆیە سەرمایەداری دژی هەبونی بەهای كۆمەڵگەیە و دژی یەكانگیری و بەهای هاوبەندییە چونكە تاكێكی خۆویست و قازانج ویستی دەوێت.**

پیشەسازی و سەرمایەداری خۆکوژی زیاد دەکەن، چونکە یەکێتی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت و بەهای مادی زاڵ دەبێت بەسەر گیان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.

دەوڵەمەندی کتوپڕ و هەژاری لەناکاو، هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانە و چەندین لێکەوتی هەیە، ڕەفتاری تاك و بەهاکانی دەگۆڕێت.

ئەگەر **زۆرینە** بەهۆی **نایەکسانی و نادادییەوە هەژار بوون، یەکێتی کۆمەڵگە** لەناو دەچێت، مرۆڤەکان هەوڵی جیا و ئامرازی جیا بەکاردەهێنن بۆ تۆڵە کردنەوە و باشترکردنی دۆخی ژیانیان.

دورکهایم، باس لە گرنگی **ڕێورەسمی ئایینی دەکات** لە دروستکردنی حاڵەتی **یەکگرتن** لە نێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵگادا. ئەمەش دەبێتە هۆی **بەهێزبوونی کۆیژدان**.

لە لایەکی ترەوە، سەرنج ڕادەکێشێت بۆ گرنگی ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییەکان لە پاراستنی **پەیکەری کۆمەڵگا** و ڕۆڵی لە **دارشتنی پێوەر و بەها ئەخلاقییەکان** کە پاڵپشتی **ناسنامەی تاکەکان** لەلایەک و **هاوبەندی کۆمەڵگا** لەلایەکیترەوە دەکەن.

دورکهایم، زیاتر دەڕوات بۆ گەڕان بەدوای ڕۆڵی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە ڕوونکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگادا، هەروەها ئەو ناهاوسەنگییەی کە ڕەنگە لە سیستەمەکەدا ڕوبدات کاتێک لە دیاردەی خۆکوژی دەکۆڵێتەوە.

- دۆرکایم کاتێک تیۆره بەناوبانگەکەی خۆی سەبارەت بە خۆکوشتن خستەڕوو.

- دیاردەی **خۆکوشتنی** بەستەوە بە حاڵەتی **هاوبەندی کۆمەڵایەتی** لە کۆمەڵگا.

- ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوەی سەبارەت بە جیاوازی ڕێژەی خۆکوشتن لە نێوان گرووپە ئایینییەکان.

- لە ڕێگەی ڕۆڵی ئایین لە بەهێزکردنی هاوبەندی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

- دواجار گەیشت بەو دەرئەنجامەی کە **ڕێژەی خۆکوشتن بە هەموو شێوەکانییەوە پێچەوانەیە لەگەڵ ئاستی هاوبەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا.**

- واتا **تاوەکو هاوبەندی کەم بێتەوە ڕێژی خۆ گوشتن زیاد دەبێت.**

- ئەو ئایەتانەی لە قورئانی پیرۆزدا باس لە گرنگی هاوبەندی کۆمەڵایەتی دەکەن:

- **(وَاعتَصِمُوا بِحَبلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذكُرُوا نِعمَتَ اللَّهِ عَلَيكُم إِذ كُنتُم أَعدَاءً فَأَلَّفَ بَينَ قُلُوبِكُم فَأَصبَحتُم بِنِعمَتِهِ إِخوَانًا)** ( آل عمران : ١٠٣ )

- هەمووتان بە توندی دەست بگرن بە ئایینی خوا و پەرت و بڵاو مەبن، یادی نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، چونکە کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی(بە هۆی نیعمەتی ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بە یەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر.

- لەم ئایەتەدا گرنگی هاوبەندی کۆمەڵایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە هەروەها پێمان دەڵێت کە **ئایین ئامرازێکە بۆ هاوبەندی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی.**

- **(وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفشَلُواْ وَتَذهَبَ رِيحُكُم)** (الانفال : ٤٦)

- مەچن بە گژیەکدا و ململانەی یەکتری مەکەن، گەر وا بکەن، شکست و لاوازی ڕووتان تێ دەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسڵاتان لە بەین دەچێت.

- **(انَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ)** (الحجرات : ١٠)
- ئیمانداران برای یەکن کەواتە هەر کاتێک لە نێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدابوو ئێوە نێوانیان چاک بکەن و ئاشتیان بکەنەوە.

- ئەو ئامرازانەی تری ئاینی ئیسلام، کە یەکێک لە ئامانجەکانیان بەدیهێنانی هاوبەندی و یەکگرتووی کۆمەڵایەتییە بریتیین لە(نوێژی جەماعەت، نوێژی جومعە، حەج کردن، جەژنەکان( قوربان، ڕەمەزان)، زەکات، خێرکردن... )

# بەهیوای سەرکەوتن

